# کۆنسێپت

## ڕەخنە . کەلتور . ڕاڤەکردن

### وەرزە گۆڤارێکی رەخنەیی فکرییە




# کۆنسێپت

سەرنوسەر:
**ڕامیار مەحمود**

سەرۆکی دەزگا
**ڕێبین ڕەسول**

سکرتێری نووسین
**ئیسماعیل حەمەئەمین**

بەڕێوبەری نووسین
**توانا ئەمین**

بەڕێوبەری گۆڤار لە دەرەوەی وڵات:
**گۆران عەبدوڵا- تۆرنتۆ- کەنەدا**

**دەستەی نوسەران**

ئاڤان سدیق

شیروان خان

شوان ئەحمەد

سۆران ڕەفعەت

بەڕێوبەری هونەری و دیزاین
**ئازەر عوسمان**

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

ژمارە (٤٦٣)(٢٠١١/١/١١) مۆڵەتی بەخشی

بە گۆڤاری کۆنسێپت.

چاپ: چاپخانەی ڕەنج

نرخ:٥٠٠٠

تیراژ:٢٠٠٠


govariconcept@gmail.com

کارگێڕانی گۆڤار: هەرێم عوسمان-ڕێژەن جەمال-داستان بەرزان

## پێڕست

### تیۆرە


| | |
|---|---|
| بنەماکانی سەرهەڵدانی هزری فەلسەفی | ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل |
| شەڕ، کارەسات، فەرامۆشی | مەنسور تەیفوری |
| هۆشیاری نوێی کوردی لە نێوان سینیزم و کینیزمدا | بەکر عەلی |
| کەوتن: ڕاستڕەوەکان لە زەماوەندی فاشیزمدا .. | سەلاح ئەحمەد |
| وەسوەسە و داهێنان | ڕەزا عەلی پور |
| سیاسەت و درۆی ئۆرگانیزەکراو | ئیسماعیل حەمە ئەمین |
| فۆکۆ: دەسەڵات لە نێوان ئالتۆسێر و فۆکۆ دا | ڕامیار مەحمود |
| ئۆرهان پاموک | شوان ئەحمەد |


### تێکست


| | |
|---|---|
| دوایەمین ناو | عەتا محەمەد |
| جیابوونەوە | ئارام کاکەی فەلاح |
| من لە بلورا یان نارەوانێک لەسەر ئاو | توانا ئەمین |
| گریڤ | رامیار مەحمود |


### هونەر لە کانتێکست دا


| | |
|---|---|
| هونەر وەک لیکوڵەرەوە لە کلتوری خۆی دا | شیروان خان |
| بە یادەوەری کردنی توندوتیژی | ئالان عەتوف |
| مەرگی هەڵبژاردە مەرگی بۆهیمی | ئیسماعیل حەمەئەمین |
| (مایا دارین) | ئاوات عوسمان |
| گۆڕینی بینینی سروشت وەک ڕیاڵەتی | ئاڤان سدیق |




### وتوویژ


| | |
|---|---|
| سەلاح ئەحمەد لە دوو وتوویژدا | ئا: گۆران عەبدوڵا–هەرێم عوسمان |
| کاروان کاکەسوور | ئا: گۆران عەبدوڵا |


### وەرگێڕان


| | |
|---|---|
| لەبارەی زاراوەو چەمکی هەڵوەشاندنەوە | ڕێبین ڕەسوڵ |
| هەشتاساڵەی کتێبی ((بوون و کات)) ی هایدێگەر | بەکر عەلی |
| «جۆرج گۆسدۆرف» لە پرۆژە گەورەکەیدا | شوان ئەحمەد |

# بنەماکانی سەرهەڵدانی هزری فەلسەفی

رێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

دەسپێک:

ناتوانرێت مێژوویێکی تەواو بۆ سەرهەڵدانی فەلسەفە دەستنیشان بکرێت، وەکو چۆن ناتوانین دەستنیشانی مێژووی سەرهەڵدانی هزری مرۆڤیش بکەین، چونکە ئەو لێکۆڵینەوانەی بەو دواییە کراون، ئەوەیان دەرخستووە کە بەڕێژەیەکی گونجاوو پلەدار، جۆرێک لەتێگەیشتن و شێوەیەک لەبیرکردنەوە لەلای ئاژەڵە باڵاکاندا هەیە، بەمانای تێگەیشتنی شتەکان و ڕاڤەکردن و بەیەکەوە بەستنەوەو جیاوازیکردن لەنێوان شتەکان هەیە، بەڵام مێژوونووسانی فەلسەفەو فەلسەفەکاران، خۆشیان هەندێک فاکتەر دەستنیشان دەکەن، ڕەنگە هۆکاری سەرهەڵدانی فەلسەفە بێت لەلای مرۆڤدا.

**یەکەم: سەرسوڕمان**

ڕەنگە یەکەم فاکتەری سەرهەڵدانی بیرکردنەوەو هزر لەلای مرۆڤی کۆندا سەرسووڕمان بێت لەسیستەمی ژیان و گەردوون و جیهان و شەوو ڕۆژ و خۆرو مانگ و شوێن و پێگەی مرۆڤ لەنێو ئەو سیستەمە وردو ئاڵۆزەدا. مرۆڤی بەرایی کاتێک تەماشای دەورووبەری خۆی کرد، تەماشای ژیانی خۆی کرد، تەماشای سروشتی کرد، بەشەو کاتێک لەئەستێرەکانی ئاسمان ڕادەما، دووچاری سەرسووڕمان دەهات و هەوڵیدەدا بەدوای وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاردا بگەڕێت تاوەکو بتوانێت شوێنگەی خۆی لەنێو سیستەمی گەردووندا دەستنیشان و دیاری بکات.

بێگومان ئەو پرسیارانە ئەگەرچی پرسیاری سادە نەبوون، بەڵام وەڵامی مرۆڤی بەرایی وەڵامێکی سادەو ساکارو میتافیزیکئامێزانە بوو، وەڵامێک بوو لەگەڵ تەکنۆلۆژیای ئەو سەردەمدا یەکدەهاتەوە، ئەوەش مانای وانییە کە بیرکردنەوەی مرۆڤی بەرایی بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی نەبووە، وەکو ئەوەی هەندێک لەنووسەرو بیریاران بۆی دەچن، نەخێر بیرکردنەوەی مرۆڤی بەرایی بۆ ئەوکات و تەکنۆلۆژیای باوی ئەو کات، بیرکردنەوەیەکی لۆژیکی و بەرسڤێکی لۆژیکیش بوون.



# شەڕ، کارەسات، فەرامۆشی

مەنسوور تیفووری

١ـ یەکێک لەو ئایدیا و سیمایانەی کە کاتی روبەڕووبوونەوە یان بیرکردنەوە لە کارەساتێک دەمەودەست و خێرا، عەقڵ و زمان وەک سەرچاوە و هۆیەک بۆ کارەسات دەستنیشانی بکەن، ئایدیا و سیمای شەڕ یان شەیتانە (evil). ئەم گەڕانەوەیە، واتە بەستنەوەی کارەسات بە شەیتان یان شەڕەوە، هیچ کە شەیتان دەکاتە لایەنێکی حەتمیی بەڵا و کارەساتەکان، تەعبیرە لە جۆرێک نەوێران و نەتوانیی ئەقڵیش، تەعبیرە لە جۆرێک خۆرەحەتکرنی ئەقڵی لە بیرکردنەوە دەربارەی خۆی و بە لە خۆداچوونەوە.

بەڵام ئەم خۆرەحەتکردنەی ئەقڵ، یان بەستنەوەی کارەسات بە شەیتان و شەڕەوە، لایەنێکی راستەقینەشی هەیە، ئەم لایەنە دەگەڕێتەوە بۆ کارەسات خۆی: کارەسات چییەتییەکی لێڵ و شاراوەی هەیە و هەر ئەم چییەتیەش یەکێکە لە هۆکارەکانی هەڵهاتنی ئەقڵ لە بەر کارەسات. هەڵبەت رەنگە وادیار بێت ئەو وتەی پێشووش  خەریکە بە جۆرێک پاساو بۆ خۆرەحەتکردنی ئەقڵ و پاکانە بۆ وەستان و سەقەتیی ئەقڵ دەکات، بەڵام مەبەستی ئەم وتەیە ئەوەیە کە ئەقڵ لە بەردەم کارەساتدا پێویستە واز لە «خۆبەزلزانینی چەمکزاد» بێنێ و بیری بێت کە لەگەڵ دیاردەیەک دەستەویەخەیە کە چییەتیەکی لێڵی هەیە؛ وەکیتر ئەقڵ دەبێ بیری بێت کە کارەساتی مرۆیی شتێکە لەولای توانای باوی زمانەوە، چونکوو هاوکات رووداوێکی تاق و بێوێنە و نموونەیە؛ بەڵام ئەم حوکمانەی سەرەوەش خۆی جارێکیتر رێگە لە ئەقڵ و زمان و سیستەمی تەعبیری چەمکیی مرۆڤ دەگرێ و هەر بۆیەش لە تەعبیری یەکەم (واتە بەستنەوەی کارەسات بە شەیتانەوە) تێناپەڕێت و، لێرەوەش دیسان ئەقڵ ناچار دەبێ هەوڵ بۆ دۆزینەوەی توخمێکی نامێژوویی دیکە بدات بۆ ئەوەی بیکاتە سەرچاوەی کارەسات.

بەڵام ئەمەش هەر سووڕانەوەیە لە بازنەی تەعبیری یەکەمدا. بەرەنجامی ئەم پێشەکیە، تائێرە، ئەوەیە کە ئەقڵ ناتوانە و کەوابوو با واز بێنێ؛ بەڵام ئەم ئەنجامە تەنیا فێڵێکە لە ئەقڵ دەکرێت، چون وازهێنانی ئەقڵ واتە ملدان بە روودانی هەموو شتێک و وازهێنان لە چارەنووسی قوربانیانی کارەساتەکان: جارێکیتر هەمان گوزارەی ئاشنا: خۆڕەحەتکردن. بەڵام سەندنەوەی بەرپرسایەتی لە ئەقڵی مرۆیی، خۆی هەمان شەڕە؛ لێرەوەش دەتوانین ئاسۆیەک دیاری بکەین، ئەویش بەرپرسایەتیی ئەقڵە لە بەردەم کارەساتدا، لێرەدا روبەڕووی ناکۆکییەکین: لە لایەکەوە بە پێی چییەتی لێڵی کارەسات و بە هۆی تاقانەیی کارەساتەوە ئەقڵ و زمان بۆیان نییە بانگەشەی

# هۆشیاری نوێی کوردی
# لە نێوان سینیزم و کینیزم دا

بەکر عەلی

**هەموو شت وەها دەردەکەوێت بەو جۆرەی لێی تێگەیشتوون و قسەی لەبارەوە دەکەن،کەچی لە بنەڕەتدا شتەکە خۆی وەها نییە، وە یان بەو جۆرەش دەرناکەوێت کە لە بنەڕتدا خۆی وەهایە. هایدێگەر( بوون و کات).**

**ژیانێکی ڕاست لەناو هەڵەدا بوونی نییە. ئەدۆرنۆ (مینیما مۆرالیا)**

**خانمی سکرتێر: بەڕێز پرۆفیسۆر،سبەینێ تاقیکردنەوەی خوێندکارەکانە و هێشتا پرسیارەکانمان ئامادە نەکردووە.**
**پرۆفیسۆر ئەنیشتاین : گرنگ نییە، پرسیارەکانی جاری پێشوویان بۆ دادەنێینەوە.**
**خانمی سکرتێر : بەڵام خوێندکارەکان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەزانن.**
**پرۆفیسۆر ئەنیشتاین : گرنگ نییە ئێمە وەڵامەکان دەگۆڕین.**

١. کێشەکە لە دیاردەوە بۆ دەستنیشانکردن

ئێمە ئەمرۆ لە سەردەمێکدا دەژین کە هیچ شتێک،هیچ ڕوویەک و هیچ دیاردەیەک وەک خودی خۆی دەرناکەوێت. هەموو بەهاکان پتر لە دوو پێوەریان هەیە،هەموو کەسەکان پتر لە دوو ڕوویان هەیە، هەموو ڕووخسارەکان دەمامکیان هەڵگرتووە،هەموو ڕەگەزێک هەڵگری دوو ڕەگەزە . شتەکان بەو جۆرە دەرناکەون کە لە بنەڕەتی خۆیاندا هەن ، وەیان بەجۆرێک دەردەکەون کە جیاوازە لە بنەڕەت و لە چییەتییەکەیان.پرسیار و وەڵام، یەقین و گومان، ڕاستی و درۆ،چاکە و خراپە،ڕەش و سپی تێکەڵ بەیەک بوون و لە هەرێمێکی خۆڵەمێشیدا خۆیان دەبیننەوە. بۆ ئەوەی لە چاکە و خراپە تێبگەین دەبێت خۆمان بگوێزینەوە بۆ سنوورەکانی ( (ئەودیو چاکە و خراپە)).

چونکە لەسەردەمێکدا دەژین کە هیچ دیاردە و بەها و پێوەرێک پوختێتی خۆی نەماوە،هەموو شتەکان تێکەڵ بە دژەکانیشیان بوون. بەمپێیە بەهاکان پێوەرێکی ستاندارد و نەگۆڕیان نییە،بەڵکو بەڕێژەییبوون و ڕیلاتیڤبوون پێوەری هەموو شتێکە. سنووری نێوان بەهاکان سڕاوەتەوە،چاکە بووەتە خراپە،وەڵام بووەتە پرسیار و ئامانج و ئامراز ئاڵوگۆڕ بوون.



# سیاسەت و درۆی ئۆرگانیزەکراو

ئیسماعیل حەمەئەمین

لەم نوسینەدا هەوڵدەدەم خوێندنەوەیەک بۆ چەند چەمکێک بکەم، کەوەک پانتاییەک وەها بێت بۆ خوێنەر ، بۆئەوەی دیالۆگی خۆی لەمەڕ درۆ و سیاسەت و چەمکی هەقیقەت درێژە پێبدات. دیارە لەکۆمەڵگەی کوردیدا درۆی ئۆرگانیزەکراو مێژوویەکی ئەوەندە ئاڵۆزی هەیە کەپێویستمان بە (مێژووگەرایەکی ئەقڵانی) هەیە، کۆدی ئەم درۆیانە بکاتەوە.

درۆی ئۆرگانیزەکراو لەچیرۆکی ئێمەدا، وەهمی سیاسی بێشومار و ئەفسانەی سیاسی سەیری لەسەر بیناکراون و ئەم دیاردەیەش لەگەڵ تەشەنەکردنی گەندەڵی ڕوویەکی ترسناک لەخۆگرتووە. درۆی ئۆرگانیزەکراو ئێستا بۆتە عورفێک، هونەرێک، لێزانینێکی ناشیرین، کەدەسەڵاتە سیاسیەکان سنورەکانی خۆیانی لەسەر فراواندەکەن. لەڕوویەکی دیکەوە بۆ جیاکردنەوەی درۆی ئۆرگانیزەکراو لەسیاسەتی ڕاستەقینە، بەبێ قسەکردن لەچەمکی هەقیقەت مەحاڵە ئەم تێگەیشتنە ڕووبدات. ئاشکراشە هەر کاتێک سیاسەت لەهەقیقەتە کۆمەڵایەتی ومێژوویەکان و هیومانیەکان دوورکەوتەوە، جگە لەستەم نەبێت هیچی تری لێ بەرهەم نایەت، جگە لەدرۆ نەبێت، هیچیتر نامێنێتەوە بۆ پێناسەکردنی. ئەم پەیوەندیەی نێوان سیاسەت و درۆ ئەوەندە سانا نییە تەنها بەپێوەرە ئەخلاقیەکان پێوانەسازی بکەین، بەڵکو پەیوەندیەکە زۆر فاکتەری دیکە ڕۆڵی یاریکەری سەرەکی دەبینین. پەیوەندی نێوان سیاسەت و درۆ، پەیوەندی نێوان سروشتی هەقیقەتە بەسیاسەتەوە، قسەکردنیش لەسەر ئەم دوو چەمکە لەئەمڕۆی کوردستاندا لەکاتێکدایە کەگەمەکانی هەڵبژاردن هیلاکی کردووە، قسەکردنێکە گرنگیەکی خۆی هەیە، بەتایبەت ئەمڕۆ بەرامبەر هێزێکی (ئۆرستوکراتیەتی میلیشایی) دەبینەوە کەچیرۆکەکانی، ئەفسانەکانی، موقەدەسەکانی تێکەڵ بووە بەدزی دەستبەراگرتنی سامانی کۆمەڵگە.

لەکوێدا ئەفسانە سیاسیەکان زەبەلاحترین لەوێدا بوارەکانی ژیان لەکۆمەڵگەدا تەسک و تەنگەبەر دەبنەوە، لەکوێدا درۆ وەک قەوزەی شەڕانی هەراش بێت، مەترسی لەسەر نەوەی داهاتوو دەبێتە نەخۆشیەکی بۆماوە. درۆی ئۆرگانیزەکراو لەفۆرمە سادەکەیدا نیفاقی کۆمەڵایەتی بەرهەمدەهینێت، مرۆڤی دووڕوو و دەبڵ ئەخلاق و دەبڵ مۆراڵ بەرهەمدێنێت، بێویژدانی لەدرۆی سیاسیەوە دادەکەوێتە نێو هەموو کایەکانی کۆمەڵگە و دەبێتە کولت و

# کەوتن؛
# ڕاستڕەوەکان لە زەماوەندی فاشیزمدا
# جیاکردنەوەی وشەکانمان

**سەلاح ئەحمەد**

ئەوانەی کە ئەمڕۆ خۆبەخشانە یان بە کرێ پروپاگەندە بۆ باڵێک لە باڵەکانی هێزێک لە هێزە دامەزرێنەرەکانی بزووتنەوەی چەکداریی دەکـەن، پەرپرسن لە نوێکردنەوەی تەمەنی ئەو نایەکسانیی و ستەم و چەوساندنەوەیەی کە سەرانی بزووتنەی چەکداریی بەرپایان کردووە لە کوردستانی عێراقدا.

ساڵی ١٩٩١ میلیشیاکانی شاخ ڕاپەڕینیان کرد بە بارمتەی خۆیان و دەستیان کرد بە دابەشکردنی هەموو شتێک لە نێوان خۆیاندا. هەر میلیشیایەک کە چەکداری زیاتر بوو، فەرهودی زیاتری کرد. لە ساڵانی دواتردا شەڕی نێوان میلیشیاکان لەسەر خانو و باڵەخانەی گشتیی و گەڕەک و شار و گرد و لادێ و مەرزی تاڵانکردن و بەربەستی ئاو دیاردەیەکی باو بوو. گەورەتریینی ئەو شەڕانە شەڕەکانی نێوان دوو حیزبە سەرەکییەکە بوون کە دووبارە تەنها لەسەر تاڵانکردنی ماڵی گشتیی بوو.

ئەم هێزانە بە زەبری تیرۆر دەسەڵاتی ڕەهای سیاسییان کۆنترۆڵ کرد. کوشتنی خۆپیشاندەران و تیرۆرکردنی هەڵسوڕاوە چەپەکان و سەرکوترکردنی دەنگەکانی ناڕەزایەتی دیاردەگەلێکی باوبوون. لە ناو ئەم هێزانەدا هەرگیز ئینشیقاقێک دروست نەبووە لە سەر ئەو مەسەلانە. لە ڕاستیدا هەموو لە یەک کولتووری خوێناوییەوە هاتبوون و بۆ هەموویان پێناسەی قارەمانبوون توند بەسترابوو بە توندوتیژیی و تیرۆرەوە. ئەم میلیشیایانە کولتووری بەکارهێنانی دامودەزگای گشتیی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتییان کرد بە نەریت لە ناو کۆمەڵگەی کوردستانی عێراقدا. بۆ ئەوەی کەسێک پاداشت بکەن، پایەیەکیان دەدایێ لە دەزگا ئیدارییەکاندا. ئەو پاداشتە بە پێی کەسەکە دەگۆڕدرا لە مەودای نێوان وەزارەت و بەڕیوبەرێتیی گشتییدا هەتا دەگاتە پۆلیسێکی ئاسایی گومرک. هەموو لایەک لەسەر ئەوە کۆک بوو کە بوونی پایەکە بە رووی سەرچاوەیەکی دزیی بوو. ئەوەی کە بە زەبر و تیرۆر کۆنترۆڵ نەکرا، میلیشیاکان بە قۆزخکردنی سەرچاوەکانی بژێویی کۆنترۆڵیان کرد. هەر زوو دوای ڕاپەڕین کوردستان کرایەوە بە لادێیەکی گەورەی پڕ لە ستەم و ناعەدالەتیی و توندوتیژیی و گەورەتریین زەرەرمەند ئەوانە بوون کە چەکداریان نەبوو. لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتییش، ڕۆژگاری هەرە تاریکی هەژاران و منداڵان و ژنان دەستی پێکرد. لە دەرئەنجامدا



# وەسوەسە و داهێنان

**ڕەزا عەلی پوور**

وەسوەسە سەرەتایە. پێش هەموو ڕیسک و تـاوان و پێش هەموو دەنگهەڵبڕین و شۆڕشێک دەکەوێت. تەنانەت پێش گوناهی یەکەمین، وەسوەسەکەی هەبووە. بەشێکی هەرە زۆری فەرمانە ئاسمانییەکان بە شێوەی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ و یاسا زەوینی و سێکۆلارەکان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، سەبارەتن بە وەسوەسە، کەواتە بە مانایەک فەرمان و یاسا بە شێوەیەکی «پێشینی» دەکەوێتە پێش وەسوەسەوە و ڕووی دەمیان لە وەسوەسەیە. وەسوەسە لێرەدا هەنگاوی یەکەمی تاوان و لادانە، هەر بۆیە ئاسایی دەردەکەوێت کە یاسا و فەرمانەکان بیانەوێ پێشی بکەون و بۆی بگەڕێنەوە.

ئەگەرچی یاسا مودێرن و پێشکەوتووەکان ناتوانن ڕاستەوخۆ بۆ وەسوەسە بگەڕێنەوە، بەڵام بە میکانیزمێکی فریودەرانەوە وا دەنوێنن کە گرنگی بە وەسوەسە نادەن، ئەمە لە کاتێکدا ترسی ئەو یاسایانە لە وەسوەسە ئەگەر نەڵێین لە ترسی فەرمانە سوننەتییەکان زیاتر نییە کەمتریش نییە. یاسا مودێرنەکان لە بەر ئەوەی بە زۆری لە سەر بنەڕەتی ئومانیزم و عەقڵانییەت داڕێژراون و تێیدا لە باتیی تەکلیف و ئەرک جەخت لە سەر ماف دەکرێ، بەم پێیەش بەریبوون و تاوانبار نەبوون دەدەن بە سوبژە یاساییەکان تا ئەوکاتەی تاوانەکەی دەسەلمێ، بەڵام ڕوویەکی دیکەی ئەم جەختکردنە لەسەر عەقڵانییەت و ئومانیزم، دەگەڕێتەوە بۆ ترس لە وەسوەسە و لەوێشەوە کەبتکردن و سەرکوتکردنی.

گەڕانەوە بۆ یەکەم تاوان بۆمان دەردەخات کە وەسوەسە بە لایەنێکی نائینسانیی و ناعەقڵانی دانراوە، لە گوناه و یاخیبوونی یەکەمدا ئەمە شەیتانە وەسوەسە دەکات و ئادەم و حەوا هەڵدەفریوێنێ، گەڕانەوە بۆ هەموو فێرکارییە ئاینییەکانیش پێماندەڵێ کە وەسوەسە هەمیشە سروشتێکی نا ئینسانی و شەیتانیی هەیە، ئاوڕدانەوە بۆ هەندێ بەرگریی محامییەکان و تاوانباران بە بیانووی عەقڵ لە دەستدان و وەسوسە بوون و شەیتان لە بن کلێشەدا بوون دیسان وا دەردەخـات کە وەسوەسە لە بوونەوەرێکی دەرەکی و دەرە مرۆڤەوە هاتووە و بە ئەمرێکی نامرۆڤانە و بەدەر لە مرۆڤەوە (بەڵام لە ناو مرۆڤدا) دانراوە، هەر لێرەوە وەسوەسە لە بەرەی «شەڕ»دایە کە دەبێ بەردەوام

# فوکۆ؛
# دەسەڵات لە نێوان ئاڵتۆسێر و فوکۆ دا
# گرفتی دەسەڵاتی کوردی

■ رامیار مەحمود

**بەشی یەکەم**

**بۆچی فوکۆ:**

زۆرێک لەو شتانەی لێرەدا روونکردنەوەی لە بارەوە ئەدەین

_ تایبەتمەندی فرە دیسپلینەری کارەکانی فۆکۆیە ( ئینتەردسیپلینەری) هەروەها دابرانی لەگەڵ مارکسیزم و هەمەئاهەنگی لەگەڵ پۆست ستراکچەرالیزم و پۆست مۆدێرنیزم.

_ رەخنە و لێدانی توندی فۆکۆ سەبارە بە سەبجێکتیڤیزم و ئینیڤیدوالیزم هەوڵدان بۆ دیسەنتەر کردنی سەبجێکت.

_ جەخت کردنەوەی فۆکۆ لە سەر پەیوەندی نزیکی زمان و دیسکۆرس و دەسەڵات و پراکتیکی کۆمەڵایەتی.

_ هەروەها فۆرمەکانی دەسەڵات: دەسەڵات وەک سەروەری، دەسەڵات وەک دیسپلین یاخود دەسەڵاتی کۆنترۆل، پاشان بیۆ دەسەڵات و سروشتی کەپیلاری دەسەڵاتی مۆدێرن

_ دەرچون لە مارکسیزم لە توتاڵ و گراندتیۆری. دەسەڵات وەک کۆ وەک پچر پچر. رەتکردنەوەی چەمکی ئایدیۆلۆجی.

ئاخاوتن دەربارەی دەسەڵات لە ڕووی تیۆرییەوە ئاڵۆزە هەرچەندە ئەم باسە تایبەتە بە بیرمەندی ناسراوی فەرەنسی میشێل فوکۆ دەربارەی دەسەڵات. ناوی فوکۆ تارادەیەکی باش زانراو و بیستراوە لە رۆشنبیری کوردیدا بە هۆی ئەو کواتەیشنە زۆرەی لە فوکۆوە وەرگیراوە بەڵام تا ئێستا لێکۆڵینەوە سەبارەت بە فوکۆ هەژار و کەمە سەرباری بەر بڵاوی بەکارهێنانی فوکۆ وەک ناو هەروەها زۆر دوبارەکردنەوەی تێرمی دەسەڵات. بێگومان قسەکردن لە سەر دەسەڵات مرۆڤ رووبەروو ئەکاتەوە لەگەڵ جۆرێک لە ئاژاوەی زەینی لە کەلتوری کوردیدا بەشێکی زۆری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ خراپ ئەپلای کردنی فوکۆ بۆ کانتێکستی جیاواز. بە شێوەیەک ئەتوانین بڵێن فوکۆی کوردی بە زەحمەت ڕەگ و رێشەی ئەچێتەوە سەر فوکۆی یەکەم وەک میتۆد و تیۆرە.

بە دیوێکی تریشدا بوونی جۆرێک لە دەسەڵاتی سیاسی لە مێژووی سیاسی عێراقدا پاشخانێکی فراوانی بە جێهێشتووە لە سەر وێنەیەکی نێگەتیڤ بۆ دەسەڵات و دەسەلاتی



# ئۆرهان پاموک
# خاوەن خەڵاتی نۆبڵی 2006

■ شوان ئەحمەد

***(پاموک وەک نوسەرێکی ئازاو دیموکراتو وەک داکۆکیکارێکی کوردانو مافی دەربڕین لەدەرەوەو ناوەوەی تورکیا، پێشکەشکەری نمونەیەکە لە وەفاداریو پابەندی بەبایەخەکانی مرۆڤ).***

**– د. هاشم ئەحمەد زادە –**

ئەکادیمیای سویدی رۆژی ٢٠٠٦/١٠/١٢، خەڵاتی ساڵانەی خۆی لەبواری ئەدەبدا بە «ئۆرهان پاموک» ی رۆماننووسی تورک بەخشی. جیاواز لەساڵانی رابردوو، بەخشینی خەڵاتی ئەمساڵ کەسی توشی سەرسوڕمان نەکرد، چونکە لەپار ساڵەوە ناوی«پاموک» لەریزی پێشەوەی پاڵاوێراوانی خەڵاتی نۆبڵدایە.. پارساڵ لەبری نوسەری ئیرلەندی«هارۆڵد پنتەر»، دەبوو گوێمان لەناوی«پاموک» بوایە، بەڵام فشارە زۆرەکانی تورکیا لەرێی واشنتۆنەوە بۆسەر ئەکادیمیای سویدی، وایکرد رایگەیاندنی خەڵاتەکە هەفتەیەک لەوادەی خۆی دوابکەوێتو دواجاریش ناوی«پاموک» بە«هارۆڵد پنتەر» بگۆڕێت..

ئەوەی سەیرە ئەوەیە دوو خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی پارو ئەمساڵ، لەوکەسانەن کەداکۆکی لەمافی کوردان دەکەن.»پنتەر» بەنوسینو شانۆنامەو هەڵوێستەکانی،»پاموک»یش بەهەمان شێوە لەم ساڵانەی دوایدا لەپاڵ قەتڵو عامی ئەرمەنەکاندا، بوێرانە باس لەکوشتنوبڕینی کوردەکانی باکوردەکاتو تەنانەت لەرۆمانی (بەفر)یشدا، نەهامەتیەکانیان لەچوارچێوەی کۆمەڵگەی تورکیدا دەخاتە روو.(شایەنی باسە ساڵی پار ئەم رۆمانە لەلایەن- دار الجمل- کرایە عەرەبی.–دار الجمل- دەزگایەکی پەخشو بڵاوکردنەوەی عێراقیەو بارەگاکەی لەشاری کۆلنی ئەڵەمانیایەو شاعیرو رۆشنبیری عێراقی –خالد المعالی- بەڕێوەی دەبات) (١).

رەنگە تائەم یەک دووساڵەی رابردوو ناوی «پاموک» بۆ ئێمە شتێکی ئەوتۆی نەگەیاندبێو ئاشنا نەبووبین پێی.. راستیەکەی رۆشنبیری کوردی بەچەند ناوێکی کەمو دیاریکراوی رۆشنبیری تورکی ئاشنایەو بەرهەمەکانیان کەم تازۆر لەبەردەستی خوێنەرانی ئێمەدایە.

# دوایەمین ناو

**عەتا محەمەد**

لەسەردەمی ئەم چیرۆکەدا، تەنها یەک ناو هەبوو، تەنانەت ئەو شارەش کە ئەم روداوەی تیادا رووەدات، هەر ئەو ناوەی هەبوو، هەرچۆن فەرمانڕەواکەشی هەمان ناوی هەڵگرتبوو. چونکە لەو شارەدا ناو بۆ دیاریکردن و جیاکردنەوەی شتەکان نەبوو، ئەوەندەی بۆ ونکردنیان بوو. هەموو شتێک هەر بەو ناوەوە بانگ دەکرا، شەقام و درەخت و باڵندەکانیش بوونیان نەبوو، بەوپێیەی یەک ناویان هەبوو.

لەو شارەدا، فەرمان باڵادەست بوو، نەوەک ناو. بۆ نموونە کاتێک بەسەر درەختێکدا سەردەکەوتیت، تەنها گرنگی لەکاری سەرکەوتنەکەدا بوو، نەوەک جۆری درەختەکە و قەبارەکەی و تەنانەت چۆن سەرکەوتوویت. بەهەمان شێوەش سەیری نانخواردن دەکرا و گرنگ کاری خواردن بوو، نەوەک چی دەخۆیت. چونکە برسێتی و تێری یەک ناویان هەبوو، خواردنیش هەریەکێک بوو، چاکە و خراپەش یەک شتبوون.

لەژێر ناوێک دا هەموو جیاوازییەک دەشاردرایەوە و تاوانێک هەموانی دەکردە تاوانبار، هەرچۆن بوونی فەزیلەتیش هەموان بەشدار دەبوون تێیدا. لەبارەی چێژەکانیشەوە هەروابوو، تاڵی و شیرینی یەک ناویان هەبوو، کە وایدەکرد بوونیان نەبێت. خۆشی و ئازاریش لێرەدا ون دەبوون. چونکە جگە لەو تەنها ناوە، بە ئاماژەکانی تری دەرەوەی وشە دەدوان، کە لە یەک ئاماژەدا کورت کرابوونەوە. بۆ خەون و بەئاگایی یەک ئاماژە هەبوو.
لەراستیدا بوونی یەک ناو، واتای نەبوونی ئەو شارەی دەدا و ئەوەی دەسەلماند کە بوونی نییە. چونکە ناکرێت نەزانرێت چێژی بیرکردنەوە، ئەگەر بوونی هەبێت، خۆشییە یاخود ئازارێکی قوڵ.

لەو شارەدا گرنگ نەبوو کێ فەرمانڕەوایە، ئەوەندەی بوونی فەرمانڕەوا گرنگ بوو. تەنانەت لە گواستنەوەی بووک دا، ئەو شەوە هەموو دەبوونە زاوا، بەوپێیەی هەموویان یەک ناویان هەڵگرتبوو. تەنانەت لەنێوان کۆیلە و خاوەنەکانیان دا تێکەڵکارییەکی سامناک هەبوو، بەوپێیەی ئەوەی کۆیلەبوو، لەهەمانکاتدا خاوەن کۆیلەش بوو. تەنانەت جارێک کۆمەڵێک کەس بیریان لەیاخی بوون کردەوە، سەیریان کرد ئەوانەش لەگەڵیاندان کە ئەمان لێیان یاخیبوون. بەڵام ئەو سەردەمە ئافرەت بوونی نەبوو.



# جیابوونەوە

**ئارام کاکەی فەلاح**

ئەوە پاسەکە هات، خوایە ئەوی تیا نەبێت، کە دەیبینم دوو کیلۆ کەم دەکەم. بینینی ژنە کۆنەکەم بۆ زەعیفی باشە، کە بەزەردەخەنە درۆکەیەوە دەڵێ بەیانیت باش، دەڵێی بزمارێکی ژەهراویی بەسەر دڵمدا دەچەقێنن.بە چەقۆ دەکەونە گیانم و پلە پلە گۆشتم لێ دەکەنەوە، چونکە دەزانم درۆ دەکات. چەندەها جار کاتی پاسم گۆڕیوە، کەچی دەڵێی جنۆکەیە، هەر لەوەدایە کە من سەردەکەوم، شوێنێکیشی لای خۆیەوە بۆ گرتووم، هەر لە گۆڕێک دەچێ بۆی حازر کردبم، گۆڕێک بەم قات و بۆینباغەمەوە بکەومە ناوی و نەیەمە دەرەوە.منیش بە دەنگێک کە خەڵکە تامەزرۆکەی دەورمان گوێی لێ بێ، دەڵێم ئۆی زۆر سوپاس.

ئەو سەر دێنێتە لامەوەو بە سووکیی دەڵێ شایانی نییە سەر زل! دەزانم درۆ دەکەی. منیش دەڵێم بێگومان ئازیزەکەم! ئازیزەکەی ئێستا و جارانم.ئەویش مۆڕەیەک دەکا و دەڵێ، کە دەڵێی ئازیزەکەم، هەر وەک ئەوە وایە هەر دوو قاچم بە مشار لەبەر چاومدا ببڕنەوە، ئینجا بیدەنەوە دەستم و بڵێن بێزەحمەت ئەمانە ناشێ هی تۆ بن، ئازیزەکەم! کە وا دەڵێی وەک ئەوەیە هەر بۆ خۆشیی مەنجەڵێ ئاوی کوڵاتوو بەسەرو چاومدا بکەن و ڕاکەن و دوایش بە گوڵێکەوە بێنەوەو داوای لێبووردن بکەن، منیش زوو زوو دەڵێم ئازیزەکەم! دڵەکەم! دڵەکەم! ئازیزەکەم! ئەویش دەڵێ دەباشە ئێستا هاوار دەکەم و حەیات دەبەم، منیش دەڵێم نا بەسە با خەڵک گوێی لێمان نەبێ، ئەویش دەڵێ بۆچی؟ ناتەوێ منداڵەکان خەبەریان بێتەوە، دەزانێ بەو قسەیە تەواو دەمپێکێ و لە هەموو پیاوەتییەکم دەخات، وەک زەرفێکی نایلۆنی بەتاڵ چرچم دەکات و دەمخاتە گیرفانییەوە.

چەندەها جار هەوڵماندا منداڵ دروست بکەین، بەڵام وەک دوایی دەرکەوت هەڵەکە هی من بوو.ئەویش هەمیشە دەیوت:عەسکەرە وردیلەکانی تۆ لەو ژێرەوە باش شەڕ ناکەن، ئەم وڵاتە ئەم هەموو شەڕەی بینیووە، کەچی سەربازەکانی تۆ هێندە خامۆش و خەواڵوون نەبێتەوە. وا تەریقی دەکردمەوە، هەر تەواو فشی دەکردمەوە، تا مانگێک نزیکی نەدەکەوتمەوە، دەیوت: هی تۆ هێندە بچووکە منداڵی پێ دروست ناکرێت، لەجێگادا هەمیشە دەبێ بەمیکرۆسکۆپێکەوە بە دوایدا بگەڕێم، ئەوەتا لەویایە، ئەیەڕۆ.. خۆ هەیەتی.منیش تورە دەبووم و دەچوومە ئەولاوە، دەموت ئیتر قەت نایەم بە لاتا. ئەویش دەیووت، ماڵت ئاوا بێ، دوو تەکان دەدەیت و تەواو، منداڵ وا دروست ناکرێت، تۆپ تۆپێن بوایە دەمێک

## من
# لە بلورا یان نارەوەنیێك لەسەر ئاو

■ توانا ئەمین

تۆ سڵ لە نوسینی چیرۆک دەکەیتەوە.. تیا ماویت..! بینوسیت.. نەینوسیت.. بینوسـ.... با خۆم پێتان بڵێم؛ ئەگەر سەرەنجام من خۆم یەکلایی کردەوە و ئەم چیرۆکەم نووسی، بزانن کە ئەوە ئەو چیرۆکە نییە کە دەمەوێ بینوسم.. ئاوهایت.. خۆشت بەزەحمەت پەی بەخۆت دەبەیت.. هەردەم ئەوشتەی کە وتووتە ئەوە نەبووە کە ویستوتە بیڵێی. ژیانیشت هەروا دەستیپێکرد، پڕ بەدڵ حەزت دەکرد لە بەشی شێوەکاری کۆلێژی هونەر بخوێنی، کەچی چوویتە پزیشکی ددان.. لەمنداڵییەوە خولیات بوو گەشت بکەی، دنیا ببینی.. نەکەویتە ماڵەوە هەر بەشارانەوە بیت.. هەر لەسەفەردا.. کەچی لەهەموو ژیانتا پێت لەم شارە نەبردە دەرەوە..!

تەنانەت کە بیرت لە خودا دەکردەوە شەوان پێغەمبەری ئازیزت لە خەونەکاتدا دەدەی.. کە لەگەڵ خۆتدا دەکەوتیتە ئینکاری و ئەمجارە بیرت لە پێغەمبەر دەکـردەوە.. هیچت نەدەبینی هیچ.. باش بوو هیچت نەدەبینی ئەگەرنا وەک (مستەفا مەستور) ی ڕۆمانووسی هاوچەرخی ئێرانی کە بیری لەخودا دەکردەوە، کە خودا بینیین بوو بە بابەتی کارە نایابەکانی، تا شەوێکیان لەخیابانی (ئیمام عەباس) لە شاری (کاشان) بەدەم بیرکردنەوە لە نووسینی ڕۆمانێکی نوێوە کە ڕایەڵەی کارەکانی کۆمەڵێک مەشقی سەختە بۆ بینینی خودا، لەناکاو لەو مانگەشەوەی هاویندا، مانگ چوون چرایەک لە ناوەڕاستی ئاسماندا بۆ چرکەیەک خامۆش دەبێ و خودای جەلەجەلال وەک ڕوناکییەکی لێل، چەشنی نورێکی ڕەش، بەسەر سەری مەستورەوە بە ئاسمانی خۆێدا تەجەللا دەبێت و لەو شەوە بەدواوە مەستور وەک دێوانەیەک بە جادەکاندا ڕادەکات و سەیری ئاسمان دەکات و هیچ ناڵێ.. هیچ.. من لە ئەزمونی خوابینیی مستەفا مەستورەوە زانیم ئەوانەی تەنیا یەکجار خودایان بینیبێ ناتوانن هیچ ببینن.. هیچ.

تۆ کە چیرۆک نانوسیت لە یەک شت دەترسی؛ چارەنووس.. تۆ شەوێک هەستت بەمەکرد؛ دوای چوونەوە سەر یەکێک لە کتێبەکانت و خوێندنەوەی چیرۆکێک، ڕەنگت تێکچوو.. دڵت پەلەتر خۆی دەدە بە قەفەزەی سنگتا و بە گوژمێک لە بەشی چەپی سینەتدا خۆی ون دەکرد.. ئەو شەوە زانیت کە تۆ خۆت پێش چارەنووسی خۆت کەوتوویت.. ئێستاش نازانی ئا لەو دوانزە چرکەیەدا چۆن زەینت فڕی بۆ هەموو ئەو کەسانەی



# گریف

■ ڕامیار مەحمود

دانیشتبوو بە قوڵی بیری لە نوسینی چیرۆک ئەکردەوە لەگەڵ ئەوەشدا نائومێدییەکی زۆر بە دەم و چاوی دکتۆرەوە دیار بوو. بەشێکی نائومێدییەکەی هی ئەوە بوو هەستی ئەکرد بابەتی سەدان چیرۆک و ڕومان و کورتە ڕۆمانی هەبوو کە جگە لە دکتۆر کەسی تر نەیان ئەزانی و هەموو ئەو چیرۆکانەش بە سەرهاتی ڕاستەقینەی ئەو کەسانە بوو کە بۆ چارەسەری پزیشکی سەردانیان کردبوو ، دکتۆر ئارەزوو و تونایەکی سەیری هەبوو لە پشکنین و دۆزینەوەی دونیای نهێنی نەخۆشەکانی ، نەخۆشەکانی ئەبردە دۆخێکی واوە کە هەست بە دڵنیاییەکی ڕەها بکەن و هەموو ژیانی شاراوەی خۆیانی بۆ ئاشکرا بکەن. دکتۆر زۆر جار بە سەیرکردن و بینینی نەخۆشەکەدا ئەیزانی ئەو دونیا شاراوەیە چییە کەلە پشتی نەخشەکەوەیە بەڵام فزوڵییەکی قوڵی هەبوو کە نەخۆش بە شێویەکی خۆ نەویست وا لێ بکات خۆی هەموو ژیانی خۆی بەیان بکات و ئیمائەی دەم وچاوی دکتۆر زۆر ئارامبەخش و دڵنیا کەرەوە بوو هی ئەوە نەبوو کە سەردانی بکەیت حەز بکەیت هیچ نهێنیەک لە دڵی خۆتا جێبهێڵیت. دکتۆر هەستی ئەکرد باشترین و نایابترین کەرەستەی خاو و ئامادەی چیرۆک و ڕۆمان لای ئەون و ئەوەی ئەو دەیانزانێ تا ئێستا هەڵ نەکەوتووە ڕۆماننوس و چیرۆک نوسەکان بیزانن.لە بەر خۆیەوە ئەیوت: ئەبێت چیرۆک سەرەتای هەبێت و ناوەڕاست و کۆتای.

دوو شت زۆر بێزاری ئەکرد چۆن کۆتایی بە چیرۆک دێت ئەو شوێنە چییە کە چیرۆکەکەی تیا تەواو ئەبێت یان چی لە کارەکتەرەکانی بکات و چارەنوسیان چۆن دوای پێبهێنێت، کارئەکتەرە بکوژێت، ونی کات، یان گێڕەرەوە چۆن کۆتایی بە چیرۆکەکە بێنێت لەوەش ناخۆشتر مەسەلەی وەسف کردنی شوێن و ناوی پاڵەوانەکانیش ئەوە لە هەموو شتێک ناخۆش تربوو، توشی بێهودەییەکی زۆر ئەبوو لە گێرانەوەی وەسف کردندا هەستی ئەکرد ئەمە قوڕترین شتێکە کە نوسەری چیرۆک و رۆمانەکان ئەبێت بیکەن و کاتێکی زۆر خەرج بکەیت لە وەسفکردن و خولقاندنی شوێنەکاندا .بۆ یەکەم جارچوار ساڵ پێش ئێستا کورتە ڕۆمانێکی لە سەر سەفەرکردن نوسی و کەرەستەی رۆمانەکەی هەموو ژیانی خۆی بوو لە سەر ئەزمونکردنی ژیانی لە بەغداد کاتیک بوو بە خوێندکار لەزانکۆی موستەنسرییە کە یەکەم کەسبوو بۆ یەکەم جار لە ناو هەموو خزمەکانیدا لە زانکۆ بخوێنێت و بۆ یەکەم جاریش شارێکی دەرەوەی شارەکەی خۆیان ببینێت بەڵام ئەو چیرۆکەی لە داخی ئەوە دڕان زیاتر

# هونەر وەک لیکوڵەرەوە لە کلتوری خوی دا

شیروان خان

**کاریگەریی ئێتنۆلۆژی بە سەر هونەری ڕۆژئاواوە لە مۆدیرنەوە هەتا ئیستا بە تایبەتی بابەتی «ئەوی دی»**

ئێتنۆلۆژی لە سەرەتادا وەک زانستێک بو لێکوڵینەوە لە گەلان و کلتورەکانی دەرەوەی رۆژئاوا دروستبوو. لێکۆڵەرە ئێتنولوژەکان , بە سەفەری زانستی دەچوونە وڵاتانی دی وە زانیاریان لە سەر ئە وڵاتانە کۆئەکردنەوە , بەڵام ئەو زانایانە لەڕێی ئەزمونی پێشوەختی خویان لێکۆڵینەوەکانیان ئەنجامداوە , نەک لەرێی تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو شوێنەدا. بۆیە ئەم بەریەککەوتنە لە شێوەیەکی پاسیڤدا خوی دەبینێتەوە , بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین کە دەبێت دروست بونی ئەم زانستە لە سەرەتادا لە گەڵ دروست بونی کۆلۆنیالیسمدا ببینرێتەوە. کە لە و ساتەدا کلتوری خۆرئاوا خۆی وەک تاکە کلتورێکی شارستانی و سەنترال دەبینییەوە , کلتورەکانی تری دەرەوەی خۆی وەک مێژویەکی کۆنی ئەو میژووە شارستانیەی خۆیی سەیر دەکرد. کلتورەکەی وەک دەرئەنجامی کۆتایی ئەو مێژووە دەبینێتەوە. کاتیک باس لە کلتوری ئەوانی دی دەکرێت وەک نامۆ , کێوی یان سەرەتایی ناودەبران , بە دستانسێکەوە مامەڵەی لە گەڵدا دەکردن. بەڵام ئەوەی لەم نوسینەدا کاری پێدەکەین ئەنتروپولۆژی ستروکتەلستیە لای کلود لیڤی شتراوس و میشیل فوکۆ .

شتراوس لە سەفەرەکانی بۆ دەرەوەی خورئاوا بە تایبەتی لە لێکولینەوەکانی لەسەر وڵاتانی ئەمەریکایی باشور , بە دیدێکی جیاوازتر لە ئێتنولوژەکانی پێش خۆی لە ناو زانستی ئێتنۆلۆژیدا کاریدەکرد. ئەم لە بەرکەوتنی لە گەڵ کلتورەکانی تردا بە دوای دوزینەوەی مێژویەکی کون یان ونبوودا ناگەری کە هزری زانستی خورئاوا لە سەرئەوان دروستی کردوە. بەڵکو دەیەوێت لە ناو جیاوازیەکانی ئەو کلتورەی کە تێیدا نیشتەجێیە پەیوەندی بدۆزێتەوە نەک وەک کلتورێکی نامۆ و سەرەتایی سەیر بکرێت. لە کتێبی ( فکر بری) دا شتراوس باس لە جیاوازی لە نێوان هزری زانستی وە هزری ئەفسانەیی دەکات , کە دوو پرۆسەی هۆشین وە هەردووکیان سیستەمێکی خویان هەیە کە کاری لەسەر دەکەن. نەک هزری زانستی شێوەیەکی پێشکەوتوتری هزری ئەفسانەییە «جادوو و زانست دوو جۆری مەعریفەن لە رووی سەرئەنجامە تیۆریی و پراکتیکییەکانیانەوە یەکسان نین بە یەکتری , بەڵام ئەم نایەکسانیانەیان جۆری



# بە یـــادەوەریکردنی تـــوندوتیژی

## ئاماژەیەک لە ئینستەلەیشنێکی (زانا رەسوڵ)دا

ئالان عەتوف

ئەگەر ئێمە باس لە توندوتیژی بکەین وەک دیاردەیەک لە دەرەوەی واقعێک و زەمەنێکی دیاریکراو، ئەوا تەواو حەقی خۆی نادەین بەم ئیشە هونەریەی (زانا رەسوڵ) هەرچەندە ئیشەکە رەهەندێکی گەردونیشی (Universal)ی لەخۆگرتووە بە حوکمی فۆرمە موجەرەدەکەی. بە رای من ئەم ئیشە، کە پێکهاتووە لە کتێب لە ناو سندوقی فیشەکدا، زیاتر دەیەوێت توانامان پێببەخشێت بۆ ئەوەی جۆرێک یان فۆرمێک لە توندوتیژیمان پێبناسێنێت، بۆ ئـەوەی بمانباتەوە سەر زەمەنێک و واقعێکی دیاریکراو و پێمان بڵێت لەوێ ئەو جۆرە توندوتیژیە، ئەو جۆرە ستەمکاریە، ئەو فۆرمە تۆتالیتاریەتە بەکارهێنراوە بەرامبەر خەڵکێکی دیاریکراو، کە لێرەدا مەبەست لەو جۆرە زەبرو زەنگەیە کە رژێمی تۆتالیتاری بەعس بەرامبەر کورد و کلتوری کوردی بەکاریهێناوە لەسەردەمی حوکمڕانیەکەیدا. بەڵام هەر خۆی ئاماژەکردن بە جۆرێک لە توندوتیژی و دەربڕینی لە رێی رەمزیەتێکی هونەریەوە زەمینەیەکی زۆر باش دەخولقێنیت تاکو هەموو جۆرە توندوتیژیەکانی تێدا ئیدانە بکات، کە ئەمەش سیفەتە گەردونیەکەی ئەم ئیشە دەسەلمێنێت.

ئەم ئیشە (مەحەللی) و لە هەمان کاتدا (گەردونی)یە بە فۆرمێکی (موجەرەد) باس لە توندوتیژیەکی (ناموجەرەد) دەکات. واتە بە دوو ماتریاڵ (سندوقی فیشەک و کتێب) کە زۆر موجەرەدە ئەمانباتەوە سەر یادەوەریەک یان واقعێک کە زۆر ئاشکراو ناموجەرەدە لای هەمووما ئەویش توندوتیژی سەردەمی بەعس و سەدامە بەرامبەر کوردی عێراق.

بە کورتی ئەم ئیشە مادەیەکی زۆر سادەیە بۆ ئەوەی بیرمان بهێنێتەوە کە خەڵکی مەدەنی کورد لە سەردەمی سەدامدا سندوقی فیشەکی دووبارە بەکارهێناوەتەوە وەک کتێبخانە یان رەفەیەکی ناو ماڵ. بەڵام مەسەلەی ئەوەی کە زانا ئەمە دەهێنێتە ناو

# مەرگی هەڵبژاردە.. مەرگی بۆهیمی..
# بەربوونەوەی پیاوێکی تەنها

**ئیسماعیل حەمەئەمین**



Photo by Richard Drew / AP



# لێوردبوونەوەیەک بەنێو گەورەیی کارەکانی (مایا دارین)
## وەک فلیم سازێکی ئەزمونگەریی

**ئاوات عوسمان**



**مایا دارین (Maya Deren)**
لەساڵی ١٩١٧ لە (کیف) لەدایک بوە لە وڵاتی ئۆکرانیا، لە ساڵی ١٩٢٢ گواستویەتەوە بۆ سیداکۆس باوکی مایا ناوی خێزانەکەیانی کورت کردەوە بۆ (دارین)

# گۆڕینی بینینی سروشت وەک ڕیاڵەتی
# بۆ بونیادی سروشتی خودێتی

■ ئاڤان سدیق

هونەر واتا شێوەی پێشبینییەکی تر لە داڕشتنی سروشت تەنها گریمانێکە بۆ بونیاد لە شێوەی داڕشتنی ئازادی تاکەکەس لە جیاوازی دروستبوونی گریمانێکی لە جیاوازی دروستبوونی گریمانێکی شیاوەوە سەرچاوە ئەگرێت کە دواجار هاوشێوەی نییە لە سروشتدا. سروشت وەک بنەچەیەکی تێڕامان کراو لە کاری (عبدول کەریم)دا لە ئۆبجێکتەوە دەگۆرێت بۆ سەبجکێت و گۆرانکاری بە سەردا هاتووە و پەیوەندی بە سروشتی شوێنەوە دەپچڕێت. ئەویش بە هاتنە ناوەوەی پریمیتیڤیانەی هونەرمەند کە تا رادەیەکی زۆر پەیوەندی دارە بە دۆخ و و توای ناخی و سۆزدارییەکەیەوە.

واتا بەرچەڤەکردن و وەرگێرانی سروشت بۆ سۆزەکان. لە پێکهاتی کارەکانیدا. ویناکردنی جۆرێکی تر لە سروشت کە پەیوەندی لەگەڵ سروشتی راستەقینەدا دەپچڕێت لێی دا ئەبڕێت.ئەم دەستبەردار بوونەی یەکەم یان سروشتی راستەقینەیی وەرگێرانی بۆ سروشتی خودێتی کە تەواو جیاوازە لە سروشتی یەکەم لە لۆجیکدا. ئەویش زیادە رۆیی لە فۆرماندنی سروشتدا وەک زیادرۆیی لە رەنگ و شوێن گۆرکی پێکردنی یەکە باوە بینراوەکان و گۆرینی شوێنی سەرچاوەی تیشک لە تابلۆکەدا ئەمانە هەمووی بە تەواوی سروشتی گۆڕیوە بۆ سەبجێکت کە سروشتی دووەم یان سروشتی گریماناوییە.

کارەکانی ئەم هونەرمەندە کورتکردنەوەو چڕکردنەوەی چەند یەکە یەکە لە یەک یەکەدا. ئەو هیچ کات خۆی سەرقاڵی ماتریالی بونیادی یەکە بچوکەکانی نییە کە یەک یەکە دروست ئەکەن پرسیاریکە لای ئەم پیشاندانی ریاڵێکە وەک یەک یەکەی سەربەخۆ لە بوون و کێش و کێشەکەش پەیوندییە تیشکەوە هەیە. بە لایەنە رۆحییەکەی تیشک کە لە سەر یەکەکان داناوە بۆ نمونە فۆرمە بینراوەکان گرنگ نییە شاخ بن یان بەرد گرنگ ئەوەیە بونیان هەیە لە یەک روبەری رەنگرێژکراودا کە هەریەک بە جیاو سەربەخۆیە وەک خۆی و کوتلەو رەنگ.
کە بەهێڵی تیشک جیاکراونەتەوە بۆ پاراستنی سەربەستیان لە یەکتری وەک دانانی سێبەر لە بەردەم هەر فۆرمێک یان جیاکردنەوەی یەکەکان بە هۆی قورساییناەوە بۆ



## یەکێک لە کارەکانی پرۆژەی میدیا
## شوێن :ئەمنە سوورەکە
## بەروار: 2/10/2010
## وێنەی بەرگی ژمارە (1)
## دەقی کارەکەی ئاڤان سدیق

شەش تیڤی جیاواز کە هەریەکەیان هەڵگری شەش بیرکردنەوەی جیاوازن بە شەشە شێوەی جیاواز رەچەتەی ژورێک ئەکەن کاتێک بینەر سەیری تیڤیەکان ئەکات رەچەتەکردنی ( دیوارەکان_ زەوی_ بنمیچی ژورەکە _دەرگا_پەنجەرە_ ئەتمۆسفێری ژورەکە)دوور و دابراو لە ریالەتی ژورەکە. کە بینەر دوای سورانەوەو گوێگرتن توشی ئەوە دەبێت کە تێبینی راستی ژورەکە بکات لە هەمان کاتدا وێنەیەکی تر لە سەر زەینی دروست بکات دەربارەی ژورەکە

تێکستی ئاخاوتنەکان:

**دەرگاکان:**
دەرگاکانی ئەم ژورە بە قەد باڵای مرۆڤەکانن
دەرگاکانی ئەم ژورە نەخشێنراون
دەرگاکانی ئەم ژورە بە نوێترین کەرەستەی جیهانی دروستکراون
دەرگاکانی ئەم ژورە بە هەموو جۆرە کلیلێک دەکرێنەوە
دەرگاکانی ئەم ژورە سپین

**دیوارەکان:**
دیوارەکانی ئەم ژورە زۆر بەرزن
دیوارەکانی ئەم ژورە ساف و بێ بزمارن
دیوارەکانی ئەم ژورە ئاوین

# سەلاح ئەحمەد لە دوو وتووێژدا

■ گۆران عەبدوڵا–تەوەری مارکس
هەرێم عوسمان–سیاسەت و ڕووناکبیری

***ئایا بواری ڕۆشنبیریی و سیاسییمان بە تەواوی دەستبەرداری مارکس بووە؛ چیتر پێویستی بە مارکس نەماوە؟ ئاخۆ ڕاستە بە ڕاگەیاندنی مەرگی مارکس، هەموو تێز و بیرکردنەوەکانی وەلا بنێین؟**

بواری رۆشنبیریی و سیاسیی کوردستان هەرگیز ئاشنای هێڵە گشتییەکانی مارکسیزم نەبووە، گەرچی لە سەردەمانێکدا ئەگەر خۆت بە مارکسیست لە قەڵەم نەدایە و لێرە و لەوێ ئاماژەت بە کتێبی کاپیتاڵی مارکس یان کتێبی ئایدیۆلۆجیای ئەڵمانی مارکس و ئەنگڵس نەدایە، ئیجازەی رۆشنبیربوونت نەبوو. ئەوە فاشن بوو ئەوەی کە ئێستاش دەیبینی گوایە لە دژی مارکسیزم هەر فاشنە. هیچکام لەو دوو دۆخە لە دوور و نزیکەوە پەیوەندی بە دیدگایەکی رۆشنبیریی تەنانەت سەرەتاییشەوە نییە لە پەیوەند بە مارکسیزم.

بڕوانە چۆن چەمکگەلی وەکو یەکسانیی، چەوساندنەوە و ، ئیمپریالیزم بە جارێ غائیبن لە گوتاری باوی رۆشنبیریی کوردییدا لە کاتێکدا لە هەموو سەردەمێک زیاتر نایەکسانیی و چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتیی کەمینەیەکی ڤۆلگاری سەرمایەدار دژی زۆرینەیەکی پەکخراو لە ئارادایە. بە هەمان شێوە ئیمپریالیزم لە هەموو سەردەمێک زیاتر ئەو کۆمەڵگەیەی کردووە بە قوربایی ئەوەی کە پێی دەگوترێ بازاڕی ئازاد.

خودی ئەو دیاردەیە ئەوە نیشان دەدات کە رۆشنبیریی کوردیی جگە لە حەوشەی پشتەوەی سیاسەت شتێکی دیکە نییە. رۆشنبیریی لە کورددا یارییەکە یاساکانی لە ئۆفیسی سیاسییەکانەوە دیارییدەکرێن. هەمیشە زۆر ئاسان بووە بۆ سیاسیە سەرمایەدارەکان کە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا سوپایەک لە نووسەر و رۆژنامەنووس مۆنۆپۆل بکەن بۆ خاتری ئەو پرۆپاگەندەیەی کە پێویستیان پێیە بۆ رەوایەتی دان بە دەسەڵات گرتنە دەست و بۆ راییکردنی ئەجێندای خۆیان . تەنانەت شەڕی نێوان نووسەران لە شەڕی نێوان سەردارەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێ.



# گفتوگۆ لەگەڵ گۆران گاگەسوور لەبارەی مارکس ــە وە

■ گۆران عەبدوڵا

*** ئایا بواری رۆشنبیریی و سیاسییمان بە تەواوی دەستبەرداری مارکس بووە؛ چیتر پێویستی بە مارکس نەماوە؟ ئاخۆ ڕاستە بە راگەیاندنی مەرگی مارکس، هەموو تێز و بیرکردنەوەکانی وەلا بنێین؟**

من هەست دەکەم پرسیارێکی دیکە هەیە، کە دەکەوێتە پێش ئەم پرسیارەی ئێوەوە. ئەویش ئەوەیە ئاخۆ (مارکس) هیچ کاتێک لەناو بیرکردنەوەی ئێمەدا ئامادەییی هەبووە، هەتا ئێستا دەستبەرداری ببین؟ وەڵامدانەوەی ئەو دوو پرسیارە، کە بە بڕوای من لە یەکتر جیا ناکرێنەوە؛ ناچارمان دەکەن هەڵوێستەی جدی لەسەر فیکر و زمانی خۆماندا بکەین.

ئایا ئەقڵی ئێمە توانای ئەوەی هەبووە لە (مارکس) تێبگات و کار لەسەر تیۆرییەکانی بکات؟ ئایا زمانی ئێمە ئەو ئاستە میللییەی بڕیوە و گەیشتۆتە ئاستی بەرهەمهێنانی فیکری ڕەخنەیی، کە هێزی کارلێکردن و کۆنتاکتی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا هەبێت؟ لێرەوەیە ناکرێت ئێمە لە لایەک زمانی ڕۆشنبیریی خۆمان نەخەینە ژێر پرسیارەوە و لە لایەکی دیکەش دەبێت بزانین مەبەستمان لە (مارکس) کێیە، چونکە (مارکس) وەکو گرینگترین ڕخنەگری سیستێمی کەپیتالیزم، پێکهاتەیەکە لە کۆی فیکری پێش خۆی و بە هێزێکی گەورەشەوە درێژبوونەوەی لەناو فیکری سەردەمی خۆی و هی دوای خۆیەوە هەیە.

(مارکس) بە ناو فیکری (گرامشی)، (کارل کۆرش)، (ئالتوسێر)، سەرجەمی ڕابەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و بگرە بە شێوەیەک لە شێوەکان بە ناو فیکری فەیلەسووفانی پۆستمۆدێرنیزمیشدا تێدەپەڕێت، کە فەلسەفەی ئەوان درێژکراوەی فەلسەفەی (نیچە)یە، بەڕادەیەک هەندێک لە ڕەخنەگران پێوەندییەک لەنێوان ڕەخنەی (مارکس) لە ئایدۆلۆجیا و ڕەخنەی فەیلەسووفانی پۆستمۆدێرنیزم لە مودێرنێتە دەبینن، بەوەی (مارکس)

# لەبارەی زاراوەو چەمکی هەڵوەشاندنەوە

## نامە بۆ هاوڕێیەکی ژاپۆنی

**ژاک دێریدا**
**لەعەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل**

**ئازیزم پرۆفیسۆر ئۆزتسۆ..**

کاتێک یەکترمان بینی، بەڵێنم پێدای هەندێک تێڕامانی سەرەتایی خۆمت بۆ بنووسم لەبارەی وشەی هەڵوەشاندنەوە ـ deconstruction. مەسەلەکە بەگشتی پەیوەستبوو بەهەندێک تێبینی سەرەتایی لەبارەی ئەگەری وەرگێڕانی ئەو زاراوەیە بۆسەر زمانی ژاپۆنی و، هەوڵدان بەلایەنی کەم بۆ پێشکەشکردنی دەستنیشانکردنێکی نێگەتیڤانە بۆ ئەو دەلالەت و مانایانەی کە هاوشانی ئەو زاراوەیـەن و پێویستە ئەوەندەی بکرێت خۆیان لێ بەدوور بگیرێت.

کەواتە پرسیارەکەمان بەو شێوەیە دەبێت: «هەڵوەشاندنەوە چ شتێک نییە؟»، یا بەمانایەکی تر: «دەبێت چی نەبێت؟». من لێرەدا جەخت دەکەمە سەر ئەو دوو گوزارشتە: «ئەگەر بکرێت» و «نابێت» چونکە ئێمە ئەگەر بمانەوێت سەرەتا لەسەر ئاستەنگ و زەحمەتییەکانی بەردەم وەرگێڕان بووەستین ـ پرسیاری هەڵوەشاندنەوەش لەوسەر تا ئەوسەر پرسیاری وەرگێڕانە، پرسیاری زمانی چەمکەکان و ناوەڕۆکی چەمکگەرایی ئەو میتافیزیکایەیە کە ناونراوە خۆرئاوایی ـ ئەوە ڕەنگە وا پێویست بکات بەبڕواهێنان دەست پێنەکەین بەوەی ـ ئەوەش دەبێتە شتێکی زۆر ساکارانە ـ کە زاراوەی هەڵوەشاندنەوە لەنێو زمانی فەڕەنسیدا دەلالەتێکی زۆر ڕوون و ئاشکراو بێ کێشەی هەیە.

لەنێو زمانی مندا پێشتر کێشەیەکی گەورەو ئاڵۆزی وەرگێڕان هەیە، لەوەی کە ئێمە مەبەستمانە لێرەو لەوێ لەمیانەی ئەو وشەیەداو ـ مەبەستی زاراوەی هەڵوەشاندنەوەیە ـ لەمیانەی بەکارهێنانی ئەو وشەیە خۆی و سەرچاوەی سەرهەڵدانیدا. دیارە شتەکان لەنێو زمانی فەڕەنسیدا لەسیاقێکەوە بۆ سیاقێکی تر دەگۆڕێن، هەر خودی خۆیان



# هەشتاساڵەی کتێبی ((بوون و کات)) ی هایدێگەر

## گفتوگۆیەک لەگەڵ ڕودیگەر زافرانسکی

**لە ئەڵمانییەوە: بەکر عەلی**

لە ئەپریلی ١٩٢٦ دا واتە نزیکەی بەر لە ٨٠ ساڵ مارتن هایدێگەر لە دارستانی ڕەش لە تۆدتناوبێرگ سەر بە فرایبورگ شاکارە فەلسەفیەکەی خۆی (( بوون و کات )) ی تەواو کرد. ئەم کتێبە بە هۆی ئەو زمانە میتافیزیکیەی پێی نووسراوە بە قورسترین دانراوی فەلسەفی سەدەی ڕابوردوو دادەنرێت ، لە هەمانکاتدا کاریگەرترین و بەربڵاوترین کتێبی فەلسەفیە.

فەیلەسوفی بەرلینی ڕودیگەر زافرانسکی کە بە یەکێک لەو شارەزا دەگمەنانەی هایدێگەر دەژمێردرێت توانیویەتی هایدێگەر لە زۆر لایەنەوە بۆ خوێنەرانی شی بکاتەوە و خاوەنی چەند کتێبێکی ناودارە لەسەر شۆپنهاوەر و نیتشە و شیللەر، کتێبێکی بیۆگرافی گرنگی بەناونیشانی (( هایدێگەر ... شاسوارێک لە ئەڵمانیاوە )) بەر لە چەند ساڵێک دانا.
زافرانسکی لەم ماوەیەدا هەلبژێردرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی هۆلدەرلین بۆ ساڵی ٢٠٠٦.
لەم ماوەیەشدا بە بۆنەی هەشتاهەمین ساڵی دەرچوونی (( بوون و کات))ەوە بۆ جارێکی تر سەردانی ئەو کوختەی هایدێگەری لە دارستانی ڕەش کردەوە کە هایدێگەر چەند ساڵێکی درێژی ژیانی و بیرکردنەوەی لەوێدا بردەسەر.

ڕۆژنامەی (( دی ڤێلت )) لەوێدا ئەو هەلەی قۆستەوە و ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵدا ساز کرد.
**دی ڤێلت : بەڕێز زافرانسکی ، ئێمە وا لە تۆدتناوبێرگین ، ئایا هەست بەچ شتێک دەکەن؟**

زافرانسکی : مابەستتان لە چییە؟
**دی ڤێلت : هایدێگەر وەها سەبارەت بەم شوێنەی نووسیوە : «تەنیا چیاکان و دارستانەکان هەستێکی ئاسوودەمان بە بێوەیی و ئاشتەوایی پێ دەبەخشن و وەکو بانگی ویژدان کارمان تێدەکەن.» ئایا ئێوەش هەست بە بانگی ویژدان دەکەن؟**

# Concept

A Quarterly Philosophical Magazine



Institution Director: **Rebeen Rasul**

Editor-in-Chief: **Ramyar Mahmud**

Editorial Secretary: **Ismail Hama Ameen**

Managing Editor: **Twana Ameen**

Magazine representative abroad: **goran abdulla**
Toronto-canada

Art and Design Diretor: **Azar Othman**

**Editorial Members:**

Avan Sideeq
Shirwan can
Shwan Ahmed
Soran rafat




# «جۆرج گۆسدۆرف» لە پڕۆژە گەورەکەیدا


هاشم سالّح
لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد


## ١-زانستە مرۆڤایەتیەکان و فیکری خۆرئاوا

بە دەگمەن کەسێک هەبێت باس لەو پڕۆژە فیکریە بکات کە بۆ ماوەی سی سالّ زیاترە فەیلەسوفی فەرەنسی «جۆرج گۆسدۆرۆف» کاری لەسەر دەکات (١).
لە ڕاستیدا ئەمە پڕۆژەی تەمەنی ئەوە، بە هۆی گەورەیی کارەکەو ئەو هەولّە تاقەت پڕوکێنەی کارێکی لەمجۆرە دەیخوازێت. «گۆسدۆرۆف» دەیەوێت لە زانستە مرۆڤایەتیەکان (تـەواوی زانستە مرۆڤایەتیەکان) بکۆلّێتەوە، لە ساتەوەختی دروستبونیەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ. ئەمەش کارێکی زەحمەتە و وەک ئەوە وایە دەیان توێژەر و لێکۆلّیار لە ناویەک کەسدا کۆبووبنەوەو بڕیاریان دابێت بەم کارە گەورەیە هەستن.

بۆ ئەوەی دەست بەجێ بیرۆکەیەک لە بارەی پڕۆژە مەزنەکەیەوە بدەم، دەلّێم تا ئێستا لانی کەم دوانزە بەرگی گەورەی لێبلاّوکراوەتەوەو هەر بەرگێکیش لە سێ سەد لاپەڕە کەمتر نیە و هەندێ جاریش لە پێنج سەد لاپەڕە تێپەڕ دەکات. واتە «گۆسدۆرۆف» چەند هەزار لاپەڕەیەکی بۆ ڕۆمالّکردنی ئەم بابەتە بەرفراوانە تەرخانکردووە کە پێویستی بە هەولّی چەندین کەس و توێژینەوەی زانستی هەیە، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ڕەنگە هەبێت بپرسێت بۆچی ئەم فەیلەسوفە هەموو تەمەنی خۆی بۆ پڕۆژەیەکی لەمجۆرە تەرخانکردووە؟، بەلاّم بەر لەوەی وەلاّمی ئەم پرسیارە بدەینەوە، وا چاکە چەند زانیاریەک دەربارەی ژیانی بەردەست بخەین.
«جۆرج گۆسدۆرف» سالّی ١٩١٢ لە شاری بۆردۆی فەرەنسی هاتۆتە دنیاوە. هەر لە